**ئیوە دەلین دەبیت هیزەکانی ئەمەریکا بچنە دەرەوە لە عیراق ، باشە ئەگەر ئەوان چونە دەرەوە، وەزعەکە ئالوزتر نابیت؟ ئایا تیرۆریزم وئیسلامی سیاسی  بە هیزتر نابن و ناکەونە گیانی خەلك و کۆمەڵکا لەوە زیاتر خەڵتانی خوێن ناکەن؟ ئەگەر ئەمریکاو هیزە هاوپەیمانەکانی لە عیراق چوونە دەرەوە، ئیدارەی ولات دەکەویتە دەستی کێ؟ کی توانای ریکخستنی ژیانی رۆژانەی خەلکی هەیە؟ لەیەك ووتەدا چارەنوسی کومەڵکا چی ل‌ێبەسەر دێ.. ؟**

وەڵام: هیچ کەس نابێت گومانی لەوە هەبێت کە هۆکارێکی ئەصڵی ئەوەی ئیستا لە عیراق ڕوودەدات ئەنجامی سیاسەتی چەندین ساڵەی ئەمریکا لە سەپاندنی جەنگ لە ساڵی 1991 و سیاسەتی گەمارۆی ئابووری و سەرەنجام پەلامار و هیرشی سەربازی بۆ سەر ئەم وولاتە و داگیرکاری عیراقە لە لایەن ئەمریکاوە. بەڵام ئەوەش دووبارە ڕاستی‌یەکی حاشا هەڵنەگرە کە هۆکارێکی ئەصڵی تر تیرۆریزمی ئیسلامی و سیاسەتە کۆنەپەرستانەکانی ئیسلامی سیاسی و جووڵانەوەی ناسیۆنالیستی عەرەبی و کوردی‌یە.

داگیرکاری سەربازی واقعیاتیکی کۆمەڵایەتی لە عیراقدا خووڵقاندووە و ئاسودەیی وئازادی خەڵك لە سایەی داگیرکاری‌دا لە هیچ شوێنێك فەراهەم نەبووە. هەر بۆیە هیچ شتێك لەوە سادە تر و ئاسایی تر نی‌یە کە لە بەرامبەر داگیرکردندا خواستی چوونەدەرەوەی هێزە داگیرکەرەکان لە لایەن جەماوەرەوە بەرز بکرێتەوە وخەڵك بە پێی تەرازووی هیزیان تاکتیکی دروست و شێوازی گونجاو بۆ بەرەنگاری داگیرکەران هەڵبژێرن. بەڵام ئەوەی تایبەتمەندی بە وەزعی عیراق دەدات و هەر ئەوەش سەرچاوە ئەم پرسیارەیە ئەوەیە کە خەڵکی عیراق نەك تەنها داگیرکردن بەڵکو قوربانی ململانێ‌یەکی کۆنەپەرستانە و تیرۆریستانەی دوو هێزی ڕەش و تیرۆریستن. داگیرکردنی عیراق لە هەل‌ومەرجێکی دنیایی و ناوچەیی‌دا وادا هاتۆتە دی، کە خەسڵەتی ئەصڵی ئەم هەل ومەرجە ململانێ و پێکدادانی هەر دوو قوتبی تیرۆریزمی جیهانی، ئەمریکا و ئیسلامی سیاسی‌یە. عیراق ئەمرۆ بە تەنها سەرزەمینیکی داگیرکراو نی‌یە و ئەوەی کە تیایدا دەگوزەرێ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی تەقلیدی لە نیوان هیزی داگیرکەر و بەرەنگاری چەکداری داگیرکەر نی‌یە بە تەنها، بەڵکو ئەم وولاتە مەیدان و گۆرەپانی شەڕ وبەرانبەرکێ‌ی جیهانی نیوان ئەمریکا وئیسلامی سیاسی‌یە. ئەمە ڕاستی‌یەکە جگە لە هەندێك چەپی لاکەوتە لە ئەوروپا کەس حاشای ل‌ێناکات، نە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ونە ئیسلامی سیاسی ئەم ڕاستی‌یە ناشارنەوە.

دیارە ئەگەر دروشمی هیزیکی سیاسی لە عیراقدا بە تەنها چوونە دەرەوەی ئەمریکا وبانگەوازی مقاوەمەت بێت ناتوانێت وەك بەشێك لە کەمپی بەرامبەر واتا ئیسلامی سیاسی دەرنەکەوێت. چەپی تەقلیدی کە هیشتا بە تیئوری وتاکتیکەکانی سەدەیەك لەمەوبەر مامەڵەی ڕووداوەکان دەکەن و خەریکن ماهیەتی کۆنەپەرستانەی هەڵویستیان سەبارەت بەوەی لە عیراق دەگوزەرێ لە لەفافەیەك لە لیکدانەوە

وتەحلیلی بە ناو مارکسیستیی‌یەوە سەبارەت بە ئیمپریالیزم و"جووڵانەوەی نیشتمانی دژی ئیمپریالیزمەوە" دەپیچن، بە نیشاندانی هەلویستی هاوشێوەی ئەمە لە ڕاستیدا دەستی بەشەریەتی متمدنی ئەم سەردەمەیان لە بەرەنگار بوونەوەی ئەمریکا وتیرۆریزمەکەی بەستووە. جەماوەری سەراسەری دنیا کاریان بەسەر تیئوریی‌یەکانی ئەم جەنابانەوە نیی‌یە وئەو دەقە ووشك وبرینگانەی کە بە شیوەیەکی انتقائی لە ئەدەبیاتی سەدەیەك لەمەوبەر هەلبژیرراون هیچ کەسیکی عاقڵ بەوە قانع ناکات کە وەکو ئەم چەپە ماندووە لە کەنار کانیبالیستە ئیسلامیی‌یەکانەوە بووەستێت. سەرەنجام خەڵك ئەگەر بێ اختیار لە نیوان دوو کەمپی تیرۆریستی ئەمریکا و ئیسلامی سیاسیی‌دا ڕابگیرێت، هەقیەتی ئەو لایە هەڵبژیرێت کە بە ئاشکرا بوونی دیمەنەکانی ئەشکەنجە دانی ئینسانەکان لە لایەن سەربازەکانیی‌یەوە قەڵس و ئیحراج دەبێت واحساسی فشار دەکات، نەك لە تەرەفی هێزی وا بووەستێت کە ڕابەرانی بە شانازی وپیکەنینەوە لەبەرامبەر کامیرا سەری ئینسان دەبرن وخۆیان مەسرەفی بلاوکردنەوەی لە ئەنترنیت و دەزگاکانی راگەیاندن دەکێشن. ئەوەی کە ئەم چەپە لە ئاڵوگۆڕ بیی‌خەبەرەی دنیا ناتوانیت و لە راستیدا ناشیەویت و لە بەرژەوەندیدا نیی‌یە بە چاوی ئەمرۆ و ئۆبجەکتیڤانە سەیری دنیای سەردەم بکات و ئەوەی کە بە داخەوە لە نیو جەماوەری ناڕازی و نەیار بە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ئاستی جیهان دەنگی ئەم چەپە لە هەموو کەس بەرزترە خۆی عوقدەیەکی گەورەی لە بەردەم بەشەریەتی متمدنی دنیا دروست کردووە و دەستی بەرەنگاریی جەماوەریی لە ئاستی دنیا لەبەرامبەر ملهوڕی ئەمریکادا بەستووە.

بە بڕوای من ئەو پرسیارە ئەگەر لەوانە بکرێت کە یەك تەرەف لەبەرامبەر پەلاماری ئەمریکادا وەستاون تەنها دروشمیان دەرکردنی هیزەکانی ئەمریکایە لە عیراق، ئەوا تەواو جیگەی خۆیەتی. بەڵام کۆمۆنیزمی کریکاری هیچ کات دروشمێکی لەم چەشنەی بە جیاواز و دابڕاو لە کوللی سیاسەتی لە عیراق مەترەح نەکردووە. ئێمە لەو کاتەدا کە شەڕ وپەلاماری ئەمریکا بۆسەر عیراق بە سەرچاوەی هەل‌ومەرج و سیناریۆی تاریکی ئیستا دەزانین، لە خەتەری ئیسلامی سیاسی وکاریگەری ئەم جووڵانەوەیە غافڵ نین. وەدەرنانی ئەمریکا بۆ ئێمە بەشێك و دروشمێکی سیاسی نێو پاکجێکی گەورەترە کە سیاسەت و نەخشەمان بۆ ریکخستنی جەماوەری ئازادیخواز بۆ گرتنەدەستی چارەنووس وئایندەی خۆی بە دەستی خۆی و ڕامالێینی ئیسلامی سیاسی و تەواوی هیزەکانی تری سیناریۆی تاریکی عیراق ناسیۆنالیست وفاشیستەکان بەشەکانی تری ئەم پاکیجەن. دروشمی ئەصڵی ئێمە کۆتایی هینان بە سیناریۆی ڕەش وسازدانەوەی مەدەنیەتە لە عیراق. وەدەرنانی هیزەکانی ئەمریکا، ڕامالێینی ئیسلامی سیاسی و ڕزگار کردنی کۆمەڵگا لە خەتەریان ودامەزراندنی حکومەتیکی سکولار وغەیرە قەومی پێداویستیی‌یەکانی تەحقیق بوونی ئەم سیاسەت ونەخشەیەن.

ئێمە وەدەرنانی ئەمریکامان دەوێت، بەڵام ئێمە خەبات دەکەین بۆ وەدەرنانی ئەمریکا و ڕامالێینی هەموو هیزەکانی سیناریۆی ڕەش. بە واتایەکی تر بانگەشەی ئیمە بۆ وەدەرنانی ئەمریکا نەك هەر هیچ جۆرە

نزیکایەتیەکی لەگەڵ بانگەشەی هێزە ئیسلامی وفاشیستیەکاندا نیە، بەڵکو ئێمە وهەموو خەڵکی ئازادیخوازی عیراق بە دروست وەدەرنانی ئەمریکا وەك هەنگاویکی پیویست بۆ تەریکخستنەوە ودەست کورتکردنەوەی ئیسلامی سیاسی و رەوتە فاشیستەکانی تر دەبینن.

ئەو پرسیارەی کە دەلیت: (ئایا بە چوونە دەرەوەی ئەمریکا تیرۆریزم وئیسلامی سیاسی بەهێزتر نابن؟) وەهمێکی لە دوو توێی خۆیدا هەڵگرتووە کە دەبیت وەڵام وەرگرێت. کەسێك کە پێی وایە بوونی هیزەکانی ئەمریکا لە عیراق بەربەستێکی لە بەرامبەر ئیسلامیەکاندا دروستکردووە وریگرە لەبەردەم فراوانبوونەوەی زەمینەکانی باڵادەستی وتیرۆریزمی ئەم هێزە زۆر بە خەستی بە هەڵەدا چووە. ئیسلامی سیاسی جووڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی نیە وهیچ پلاتفۆرم و بەدیلێکی بۆ وەڵامدانەوە بە کێشەکانی کۆمەڵگا نیە، سەرچاوەی هیز ونفوزی ئەم جووڵانەوەیە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەو کێشە و گرێوگۆلە سیاسیانەیە کە خودی ئەمریکا خۆی مایەی خولقانێتی، کێشەی فەلەستین وزوولمێکی گەورە کە لە خەڵکی ئەم وولاتە دەکرێت وپشتیوانی گەورەی ئەمریکا و غەرب لەدڕندەیی ئیسرائیل، گەمارۆی ئابووری و سەرەنجام داگیرکردنی عیراق لە لایەن ئەمریکاوە ئەو کردەوانەن کە لە پەسا هیز بە ئیسلامی سیاسی دەبەخشن وکوانووی تیرۆریزمی ئیسلامی پڕ لە سووتەمەنی دەکەن. تیرۆریزمی ئیسلامی کە کە شیوازی سەرەکی "خەباتی" ئیسلامی سیاسیە، لەسەر باروئەنجامە سیاسیەکانی تیرۆریزمی ئەمریکا وملهوڕی ئەم هیزە دەلەوەڕی. چەندە ئەم تیرۆریزم و ملهوڕیە درێژەی ببێ هێندە تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی وهیزە فاشیستەکانی تر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەمەنیان درێژ دەبێت. لەبەرئەوە تەنانەت ئەگەر مەبەست لێدان لە نفوزی ئیسلامی سیاسی و رەواندنەوەی سیبەری رەشی تیرۆریزمی ئەم جووڵانەوە فاشیستە بیت، دەبێت پشت بە جووڵانەوەیەکی جەماوەری ئازادیخواز هیزەکانی ئەمریکا ناچار بە چوونە دەرەوە لە عیراق بکریت.

داگیر کردنی عیراق لە لایەن ئەمریکاوە و بارو ئەنجامە کۆمەڵایەتیەکانی راستەوخۆ بۆتە هۆی بیزاری و تووڕەیی خەڵك لە دەست ئەم هیزە وکردەوەکانی، ئەگەر کۆمۆنیستەکان لەم مەیدانەدا وەك پیشرەوی جووڵانەوەی دژی بوونی سەربازیی ئەمریکا لە عیراق دەرنەکەون و چالاکانە بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر لە دەوری ئاڵای جووڵانەوەیەکی ئازادیخوازانە بە رووی ئەمریکادا کار نەکەن، ئیسلامی سیاسی ورەوتە فاشیستەکان ئەم تورەیی و بیزاریە زیاتر وەبەردەهینن (وەك چۆن تا ئیستا وەبەریانهیناوە) وجووڵانەوە وسیاسەت و تیرۆریزمی کەس نەویستی خۆیانی پی بەهیزدەکەن.

سەبارەت بە ئیدارەی کۆمەڵگا و بەڕیوەبردنی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك ئەلتارناتیڤی ئێمە بە پێی تەرحیك کە لە لایەن پلینومی 15هەمی کۆمیتە مەرکەزی حزبەوە چوارچیوەکەی پەسەند کراوە، بەریخستنی جووڵانەوەیەکی سەراسەریە بۆ وەدەرنانی هیزەکانی ئەمریکا وباقی هیزەکانی سیناریۆی رەش لە ئیسلامی سیاسی و رەوتە فاشیستەکان و لە هەمان کاتدا سازدانەوەی دام و دەزگا ئیداریەکان

وچاككردنی هەل‌ومەرجی گوزەرانی خەلك لە هەر ئاستیكدا و لە هەر مەودایەكدا كە مومكین بیت. ئاشكرایە كە ئیدارە لە كۆمەڵگای سەرمایەداری‌دا راستەوخۆ بە دەسەلاتەوە هەڵپیكراوە، هەربۆیە سازدانەوە ئیدارە چ لە ئاستیكی بەرینی كۆمەلایەتی‌دا یاخود لە ئاستێكی بەرتەسكی محەللی‌دا بە بێ‌گرتنە دەستی دەسەلات مومكین نی‌یە. ریكخراوی (كۆنگرەی رزگاری وسازدانەوەی مەدەنیەت لە عیراق) كە بە پێ‌ی تەرحی ئاماژە پێ‌كراو دەبێت پیك بێت وئەم رۆژانە خەریكین هەنگاوە سەرەتایی‌یەكان بۆ دامەزراندنی هڵدەهینینەوە، كاری گرتنە دەستی دەسەلاتی سیاسی‌یە لە هەر مەودا وچوارچێوەیەكی مومكیندا وهینانە سەركاری دەوڵەتیكی سكولاری غەیرە قەومی لە عیراقدایە. بەم جۆرە بانگەشەی ئێمە بۆ وەدەرنانی هیزەكانی ئەمریكا بەشێكە لە تەرحێكی سیاسی بۆ سازدانەوەی مەدەنیەت لە عیراق ودەستبەكاربوونمان لە خەباتیكی عەمەلی‌دا بۆ ناچاركردنی ئەمریكا بە بەجێ‌هیشتنی عیراق بەشیكی جیانەكراوەی كارمانە بۆ سازدانەوەی مەدەنیەت و ئیدارەی مەدەنی كۆمەڵگا و هینانە سەركاری دەسەلاتێك كە زەمانەتی ئازادی هەڵبژاردنی سیاسی بۆ جەماوەر دەكات. (من سەرنجی خوینەر بۆ چاوخشاندن بەو تەرحەدا رادەكیشم كە لە لایەن كۆرشی مدرسی‌یەوە رەشنوسەكەی پیشكەش بە پیلینۆمی 15هەم كرا و نوسخەی پاكیژەكراوی لە شیوعیە عمالیەی ژمارە 171ی 27 كانونی یەكەمدا بلاوكراوەتەوە).

حەقیقەتێكیش دەبێ لەبیرنەكرێت، هەر رۆژیك مانەوەی زیاتری هیزەكانی ئەمریكا لە عیراق رۆچوونی زیاتری كۆمەڵگای ئەم وولاتەی لە ناو زەلكاوی سیناریۆی رەشی بە دەمەوەیە. مانەوەی ئەمریكا بەربەستە لە بەردەم سازدانەوەی عیراقدا، مەرجی سازدانەوەی مەدەنیەت و ئیدارەی مەدەنی لە عیراق چوونە دەرەوەی ئەمریكایە.